# بێ ناونیشان

لێکۆڵەری دادی/گۆران عەبدولغەنی مەعروف



پۆلیس چاوی کراوەی میللەتە هەروەک لە ئارمەکەیدا هاتووە، کەچی پۆلیس هەیە هەر دوو چاوی کوێرە و دەوامیش دەکات چونکە خزمی فلانە کەسە، حوکومەت داوا لە پۆلیس دەکات کە جێبەجێکاری یاسا بێت و بەشوێن تاوان و تاوانباراندا بکەوێت کەچی ڕۆژانە تەنها بڕی پانزە لیتر بەنزینیان پێ دەدرێت هەروەک زانراوە. دادگای لێکۆڵینەوە شوێنی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ تاوانباران، کەچی چەند جارێکە مووچەی فەرمانبەرانی دەدزرێت! دادگاش دەستەوەستانە و هیچی پێ ناکرێت، تەنها ئەوە نەبێت کە داوا دەکات هەر فەرمانبەرێک بڕی ئەوەندە پارە دابنێت بۆ پڕکردنەوەی پارە دزراوەکە. کەسێک بە گومانێک دەستگیر دەکرێت کەچی ماوەیەکی زۆر لە بەندیخانە دەمێنێتەوە، چونکە بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند مۆڵەتی وەرگرتووە و دادوەری جێگای ئەویش تەنها ماوەی گرتنی درێژ دەکاتەوە تاکو دادوەری تایبەتمەند مۆڵەتی تەواو دەبێت. لەم شارە لە هەموو توێژێک مەشروبخۆر هەیە، کەچی تەنها ئەو کەسانە دەستگیر دەکرێن، کە پیادەن و کاتێ بە پێ بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە و لە ڕێگا، بخوازیت یان نا، هەر بەلا دا دەچێت و ئاشکرا دەبێت کە سەرخۆشە و دەستگیر دەکرێت و چارەگێک مەشروبی خواردۆتەوە بەسێ هەزار کەچی چل و پێنج هەزار دینار سزا دەدرێت. پەرلەمان زەوی نەما لە هەولێر تاکو لووش بکرێت بیرۆکەی دروستکردنی شوققە هاتۆتە ئاراوە خوا دەزانێ چ مەرامێکی لە دواوەیە. کارمەندانی نەهێشتنی تاوان بەسەد دەردەسەری و شەونخوونی تاکو دزێک دەستگیر دەکەن کەچی زۆر بە ئاسانی حکومەت پاش ماوەیەکی کورت بڕیارێکی لێبوردنی بۆ دەردەکات. پارێزەر هەیە بەکەیفی خۆی لە گرتووخانە لەناو بەندییەکان دەسوڕێتەوە و باسی پاڵەوانییەتیی خۆی بۆ گیراوەکان دەکات تاکو ئەوانیش بیکەنە بریکاری خۆیان و دەستەی ئیدارەی گرتووخانەش بێدەنگن!؟